OCHA

# هەواڵنامەی مرۆیی
## عێراق

ئەیلولی ۲۰۱۷/ لە ڕۆژی ۱٥ی ئەیلول دەرچووە


تەموزی ۲۰۱۷ مافی پارێزراوە لەلایەن ڕێکخراوی یونیسێف/لەلایەن جێنگیز یار

## لەم ڕاپۆرتەدا

لا۱. ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە ناو حەوێجە لەوانەیە زیان بگەێنێت بە ۸٥,۰۰۰ کەس
لا۲. ئاستەنگەکانی بەردەم گەڕانەوەی ئاوارەکان
لا۲. ئاماری سەنتەری پەیوەندی بەخۆڕایی بۆ عێراقیە زیانبەرکەوتوەکان بەهۆی ململانێ
لا۳. شێوازی دەستپێشخەری هاوبەش بۆ هاوکاری کردن بە پارەی کاش

## هەواڵە سەرەکیەکان

- هاوکارانی مرۆیی ئامادەکاری دەکەن بۆ زیاتر لە ۸٥,۰۰۰ئاوارەی حەوێجە و ناوچەکانی دەوروبەر.
- ئاماری سەنتەری پەیوەندی بەخۆڕایی فرە ئاژانسی عێراق تاکە لە هەبوونیدا.
- گروپی کارکردنی پارەی کاش نزیکبوونەوەیەکی هاوبەش پەرەپێدەدات بۆ بەرنامەکانی هاوکاری کردن.
- سندوقی مرۆیی بۆ عێراق تەرخانکردنی تازە ئامادە دەکات.

## ژمارەکان

| | |
|---|---|
| ۱۱ ملیۆن | #ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە |
| ٦,۲ملیۆن | #لەوکەسانەی کە بەئامانجکراون بۆ کردنیان هاوکاری |
| ۳,۳ ملیۆن | #بریتین لە ئاوارە ناوخۆییەکان |
| ۲,٥ ملیۆن | #ئەو ئاوارانەی لە دەرەوەی خێوەتگەکان ژیان دەگوزەرێنن |
| ۳,۲ ملیۆن | #ئەوکەسانەی لە کۆمەڵگا خانەخوێیەکان پێگەیشتووە زیانیان |
| ۲,۱ ملیۆن | #ئاوارە گەڕاوەکانن |
| ۰,۲۳ ملیۆن | #پەنابەرە سوریەکانن |

سەرچاوە :پلانی بەهاناوەهاتنی مرۆیی عێراق بۆ ساڵی ۲۰۱۷/ تێڕوانینی پێویستیە مرۆییەکان/تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوونی سەر بە ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی

## پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی

### پاڵپشتی کردنی دارایی

**۹۸٥ ملیۆن دۆلار**
داواکراوە بۆ ساڵی۷ ۲۰۱

**٥٦ لەسەدا (۵٥۰ $ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی)**

( ڕەنگدانەوەی پاڵپشتی کردنی دارایی لەسەر خزمەتگوزاری بەدواداچوونی دارایی هەر وەك لە ڕۆژی ۱٥ی ئەیلولی ۲۰۱۷)

سەرچاوەhttp://fts.unocha.org

## ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان لە ناو حەوێجە لەوانەیە زیان بگەێنێت بە ۸٥,۰۰۰ کەس




هاوکارانی مرۆیی ئامادەکاری دەکەن بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان بۆ ئازادکردنەوەی حەوێجە وڕۆژهەڵاتی شەرگات، لە پارێزگاکانی کەرکوك وسەلاحەددین لە دەستی داعش. داعش کۆنتڕۆڵی ناوچەکەی کرد لە حوزەیرانی ۲۰۱٤ ولەو کاتەوەی ئابی ۲۰۱٦ نزیکەی ۱۰۲,۰۰۰ کەس لەوێ ڕایانکردووە. خەملاندنێکی ۸٥,۰۰۰ کەسی کە لەو پەڕی مەترسیدان پێدەچێت بە قورسی زیانیان پێ بگات لە هەفتەکان ومانگەکانی داهاتوودا. بە هەماهەنگی لە نزیکەوە لەگەڵ دەسەڵاتداران، ڕێکخراوە مرۆییەکان بەیەکەوە کاردەکەن بۆ ئامادەکاری کردن بۆ ژمارەیەکی زۆری خەڵك کە ڕادەکەن لە ماوەی ئۆپەراسیۆنی داهاتوو. ئامادەکاریەکانی خێوەتگە لە ڕێگادان لە ناوچەکە.

هاوکاری سەرەتایی دابین دەکرێت بۆ ئاوارەکان لە خاڵەکانی کۆبوونەوەی ئاوارەکان لە دەوروبەری ئەو شوێنەی کە ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان بەڕێوە دەچن. هەماهەنگی نزیك وهاوکاری لە نێوان ڕێکخراوە مرۆییەکان ودەسەڵاتداران زۆر بە گرنگی دەمێنێتەوە. هاوکاری مرۆیی چڕتر لەلایەن ئەندامانی گروپ دابین دەکرێت لە شوێنەکانی پشکنین وگواستنەوە لەو شوێنەی کە ڕێگەی چوونە ژوورەوەیان پێدەدرێت. کۆمەکیەکان لە ئێستادا پێش وەختە دانراون لە خاڵەکانی پشکنین وشوێنەکانی گواستنەوە کە دیاریکراون لەو شوێنەی کە خەڵکی ئاوئاسانکاریەکانی خاوێن کردنەوە وکەل وپەلەکانی ناوماڵ وخۆراك وپشکنینی پاراستن وهاوکاری چاودێری تەندروستی وەردەگرن.

ڕاپۆرتە نافەرمیەکان لە حەوێجە و ناوچەکانی دەوروبەری کۆنتڕۆڵکراو لەلایەن داعش ئاماژە بەوە دەکەن کە خەڵکی دووچاری ئەوپەڕی تەنگانە و ئازار چەشتن بوونەتەوە لەو کاتەوەی حوزەیرانی ۲۰۱٤، کاتێك داعش دەستی بەسەردا گرت. خۆراك دەگمەنە، هەروەکو دەرمان و چاودێری تەندروستیش. شەڕوپێکدادان پێدەچێت توندتر ببێت و هەروەکو پێشوتریش دووچاری ببوونەوە، داعش پێدەچێت هاوڵاتیان وەکو قەڵغانی مرۆیی بەکار بهێنێت. ڕاکردن لە حەوێجە پێشبینی دەکرێت ببێتە هەڕەشە لەسەر ژیانی هەموو ئەو کەسانەی کە هەوڵی بۆ دەدەن، لەگەڵ هەبوونی مەترسی لە جۆری تەقەمەنیە مەترسیدارەکان هەروەها تەقەکردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. هەروەکو باوە لەو سیناریۆیانە، ئەوانەی زۆر لاوازن لەو پەڕی مەترسیدا دەبن: ئافرەتانی دووگیان، منداڵان و بەتەمەنەکان، ئەو کەسانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتین، و منداڵانی جیابۆوە لە خێزان و منداڵانی بێ هاوەڵ.

# ئاستەنگەکانی بەردەم گەڕانەوەی ئاوارەکان

بە ملیۆنان عێراقی ئاوارەبوو لە ناو خێوەتگەکان وکۆمەڵگا خانەخوێیەکان دەژین لە دەرەنجامی ململانێ. گەڕانەوەی ئاوارەکان هێواشە وئاستەنگی هاتۆتە بەردەم بەهۆی ژینگە نالەبارەکان لە ڕووی ئاسایشەوە ونەبوونی خزمەتگوزاریەکان. زۆربەی ناوچەکان هێشتا لە تەقەمەنیە نەتەقێندراوەکان پاك نەکراونەتەوە. ژێرخانی سروشتی، بازاڕەکان وژیان وگوزەران زۆر بە خراپی زیانیان پێگەیشتووە وتێکشکاون لە هەندێك شوێن. ئەمەش گەڕانەوەی ئاوارەکان مەترسیدار دەکات و ڕێگریەکان دەهێنێتە بەردەم چارەسەریەکان بۆ کۆتایی هێنان بە ئاوارەبوونی خەڵك. لە هەمان کاتدا، ژیانی ناو خێوەتگە چارەسەرێکی ماوە درێژ نیە. بە گوێرەی ژمارەکانی کەلەلایەن وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراقیەوە دابین کراوە، زیاتر لە ٢٨٠,٠٠٠ کەس لە نەینەوا ئاوارەبوون خێوەتگەکانیان بەجێهێشتووە و گەڕاونەتەوە بۆ ماڵەوە. خەملاندنێکی ٧٠٠,٠٠٠ کەس لە ئاوارەییدا دەمێننەوە، ٣٤٩,٨٠٠ کەس لەو کەسانەی کە لە ناو خێوەتگەگان ژیان دەگوزەرێنن کە دروست کراون بۆ بەهاناوەچوونی موسڵ.

بۆ ئەوەی هاوکاری ئاوارەکان بکەن وتێبگەن لەو هۆکارانەی کە بەشداری دەکەن لە بڕیاردانی خەڵکی لە مانەوە یان گەڕانەوەیان بۆ ماڵەوە، لێکۆڵینەوەیەکی مەبەستدار لە ڕێگادایە. نموونەیەکی دیاریکراوی سەرۆك خێزانەکانی ئاوارە (نزیکەی ٤,٧٢١ سەرۆك خێزان، یان ٨ لەسەدای کۆی خێوەتگەکان) پرسیاریان کردووە لەبارەی کاتەکانی گەڕانەوەیان بۆ ماڵەوە؛ نیگەرانیەکانیان و پێشبینیەکانیان؛ چ پێویستە لەسەریان تاوەکو بیکەن؛ و ئاستی زانیاریان چەندە لە بارەی بارودۆخەکە لە شوێنی خۆیان. ئەو سەرۆك خێزانانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە پێیان ڕاگەێندراوە کە شیکردنەوەی ئەو پرسیارانە هاوکار دەبێت لە پلان دانان و نەخشەداڕێشتنی بەرنامەکانی هاوکاریکردن لە داهاتوودا بۆ باشتر دڵنیابوون لە گەڕانەوەی ئاوارەکان کە بەخۆبەخشانە و بە شکۆداری و بە بەردەوامی.



لەلایەن: ئۆچا/دەیڤد وایت

مەبەستەکانی لێکۆڵینەوە بەسوودە بۆ هاوکارانی مرۆیی لەبەر چەند هۆکارێك. یەکەم، یارمەتیدەر دەبێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی خەڵکی دەیەوێ چی بکات، هۆکارەکانی کە دەبنە کۆسپ یان هاوکاری تواناکانیان دەکەن تاکو بەردەوام بن لەسەری. کاتێك پەیرەو دەکرێت، ئەم داتا و زانیاریە دەتوانێت یارمەتی ڕێکخراوە مرۆییەکان و دەسەڵاتداران بدات تاکو بەیەکەوە کاربکەن بۆ چارەسەرکردنی هۆکارە بنەڕەتیەکان و دەستنیشانکردنی چارەسەریەکان بۆ ئاوارەکان. دۆزینەوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە هەفتەی داهاتوودا دەردەچێت.

گەڕانەوەی ئاوارەکان هێواشە وئاستەنگی هاتۆتە بەردەم بەهۆی ژینگەی نائارامی و نەبوونی خزمەتگوزاریەکان. زۆربەی ناوچەکان هێشتا لە تەقەمەنیە نەتەقێندراوەکان پاککنەکراونەتەوە.

# ئامار- سەنتەری پەیوەندی بەخۆڕایی زانیاری زۆر گرنگ دابین دەکات

بۆ ئەو کەسانەی کە زیانیان پێگەیشتووە لە عێراق بەهۆی ململانێ، دەستگەیشتن بە زانیاری دروست وکاتی تاوەکو ئێستا زۆر پێویستە، هەندێك کەس باوەڕیان وایە کە ئەمە ئامرازێکی ڕزگارکردنی ژیانە، لە ناو هەموو قەیرانی مرۆیی پێویستە. کە بنکەکەی لە هەولێرە، سەنتەری زانیاری ئاوارەکانی عێراق لە ئێستادا تاکە سەنتەری پەیوەندی بەخۆڕایی فرە ئاژانسی جیهانیە کە ئێستا بوونی هەیە. ئەو ستافەی کە کاردەکەن لەوێ ئامادەن بۆ وەڵامدانەوەی کۆمەڵێك پرسیاری باو لەسەر هەموو شتێك لە چۆنیەتی ناونووسین بۆ هاوکاری کردنی پارەی کاش، بۆ پەیوەندیەکانی لە بارەی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی، پاراستنی منداڵ، خزمەتگوزاریەکانی هاوکاری کردنی تەندروستی مێشك، بۆ بەڵگەکانی فێڵ وگەندەڵی.

سەنتەری پەیوەندی مامەڵە دەکات لەگەڵ پرسیار لەلایەن ئەو کەسانەی کە لە خێزانەکانیان جیاکراونەتەوە لەو کاتەی کە لە ماڵەکانی خۆیان ڕادەکەن. پرسیارەکانی تر لە بارەی ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە سەلماندنی ناسنامەیە تاکو توانایان پێ بدات بۆ وەرگرتنی هاوکاری مرۆیی بەهۆی ئەوەی کە ناسنامەکانیان لەدەستداوە.

لەگەڵ ئەوەشدا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان ورەوانەکردنی پەیوەندیکاران بۆ ئاژانسەکانی کە زیاتر تایبەتمەندن بەو خزمەتگوزاریانە، ستافەکە مەشقیان پێکراوە بۆ هەڵسەنگاندنی باری زیانی پەیوەندیکاران ودەستنیشانکردنی حاڵەتە نالەبارەکان بۆ ئاژانسەکانی هاوکار بۆ پشتڕاستکردنەوە وئەگەری خستنە ناوەویان بۆ ناو بەرنامەکانی هاوکاری کردن. لەو کاتەی سەنتەرەکە زانیاری پشتڕاست ناکاتەوە کەلەلایەن پەیوەندیکارانەوە دابین دەکرێن، یان هەڵسەنگاندنەکانی کەسی ئەنجام نادات، جۆرەکانی پەیوەندی کە وەرگیراون تۆمارکراون ودەکرێ تیشك بخەنە سەر ناوچەکانی کە کێشەیان تێدایە کە پێویستیان بە بەدواداچوونە لەلایەن ئاژانسی گونجاو. کاریگەری ئەرێنی سەنتەرەکە هەستپێکراوە. لە مانگی نیسانی ٢٠١٧، پەیوەندی جۆراوجۆر وەرگیرابوون سەبارەت بە ڕاگواستنە بەزۆرە ملێکان. ئەم زانیاریە بەشداری پێکرابوو، و کە ڕێگری کردووە بۆ ١١,٠٠٠ کەسی تر لە ڕاگواستنی بەزۆرە ملێ.


لەلایەن: ڕێکخراوی **UNOPS**

ستاف مەشقیان پێکراوە بۆ هەڵسەنگاندنی باری لاوازی پەیوەندیکاران ودەستنیشان کردنی حاڵەتە نالەبارەکان بۆ ئاژانسانی هاوکار بۆ پشتڕاستکردنەوە وئەگەری خستنە ناوەویان لە بەرنامەکانی هاوکاری کردن.

سەنتەری پەیوەندی پاڵپشتی کردنی دارایی وەردەگرێت لەلایەن دامەزراوە نێودەوڵەتیەکانی وەکو ECHO هەروەها پاڵپشتیە داراییەکان لەلایەن فرە ئاژانس، و ١٣ فەرمانبەری هەن، شەش لەوانە ئافرەتن.

## ئامرازە بەشداری پێکراوەکان کاتی دابەشکردنی پارەی کاش دەبڕێت بۆ نیوە

بەرنامەکانی پارەی کاش نەخشە بۆ داڕێژراون بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانەی کە باری داراییان لاوازە ودەتوانن لەم ڕێگەیەوە دەستیان بگات بە بازاڕە تەندروستەکان بۆ پڕکردنەوەی پێویستیە سەرەکیەکانی وەکو خۆراك وپەناگە وچاودێری تەندروستی. گروپی کارکردنی هاوکاری پاری کاش لە عێراق هەنگاوی فراوانی ناوە لە پەرەپێدانی نزیکبوونەوەیەکی فرە ئاژانسی بە ستاندەرکراو بۆ بەرنامەدانانی هاوکاری کردن بە پارە کاش. ئەمەش هەمیشە ناکرێت بۆ بەکارهێنانی پارەی کاش وەکو جۆرێك لە هاوکاری کردن، بە تایبەتی ئەگەر بازاڕەکان بە باشی کارنەکەن. لێشاو بردن بەرەو بازاڕ لەگەڵ پارە کاتێك کەل وپەلەکان بە کۆمەکیەکی کەم لە بازاڕ هەن دەتوانێت بە خێرایی ئەم بارە هەڵبکشێنێت وببێتە هۆی زیان لە بری سوود گەیاندن.

گروپی کارکردنی پارەی کاش دەستنیشانی باشترین مەشقەکانی کردووە لەگەڵ کۆمەڵگای مرۆیی فراوانتر. یەکێك لە دۆزینەوە ئەرێنیەکانی توێژینەوەکەیان بریتی بوو لەوەی کە نزیك بوونەوەیەکی فرە ئاژانسی باو بە بەکارهێنانی ئامرازە بەشداری پێکراوەکان دەتوانێت کاتەکە ببڕێت بۆ نیوە بۆ دابین کردنی پارەی کاش بۆ ئەو کەسانەی کە باری داراییان لاوازە لە هەلومەرجی تەنگەتاوی ئاڵۆز. دەستپێشخەریەکان لە ناو ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوای موسڵ بریتین لە نموونەیەکی باشی ئەمە. پێش ئەو نزیکبوونەوەیە تازەیە بێتە کایەوە، دەبوو سوودمەندبووان لە ناو ڕۆژهەڵاتی موسڵ کەمترین ماوەی شەش مانگ چاوەڕێیان بکردبا بۆ وەرگرتنی هاوکاری پارەی کاش. لەو کاتەدا ڕێکخراوەکان توانیبویان بە سەلامەتی دەستیان بگات بە ڕۆژئاوای موسڵ، نزیکبوونەوەیەکی باو وئامرازەکان پەرەیان پێدرابوو. ئەم جارە، سوودمەندبووان لە ناو ڕۆژئاوای موسڵ هاوکاریان وەرگرت تەنها سێ هەفتە لە دوای ئەوەی کە ڕێکخراوە مرۆییەکان بە سەلامەتی دەستیان گەیشتە ئەوێ. دەستپێشخەریە هاوبەشەکە کاتی بەهاناوەچوونی زیاد کرد بە ٥٠ لەسەدا. بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی هاوبەش وچاودێریکردنی دوای دابەشکردن کە ئەویش ئاسانکاری کردووە بۆ چاودێری کردنی کاریگەرێتی بەرنامەکان. ڕێکخراوە ناحکومیەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بەشداریان کردووە لە پەرەپێدانی ئامرازەکان کە بەکارهێندراون بۆ هەڵسەنگاندنی بازاڕەکان وئاستی لاوازی سەرۆك خێزانەکان.

هەروەکو لەگەڵ هەر بەرنامەیەکی مرۆیی، هاوکاری کردن بە پارەی کاش دەبێت ڕێکبخرێت لەگەڵ دەقی کۆمەڵایەتی تاکو سەرکەوتوو بێت. عێراق میکانیزمە بەهێزەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی پێش وەختە هەیە. ئەمەش مانای وایە کە دەستپێشخەریەکانی پارەی کاش لە ناو عێراق بۆ ماوەیەکی زۆر نامێنێتەوە و هەتاوەکو لە وڵاتەکانی تریش بێت. لە ناو عێراق، دەستپێشخەریەکانی پارەی کاش وا نەخشەیان بۆ دانراوە کە بۆشایی ماوەی سێ مانگ پڕ بکاتەوە لەو کاتەی کە ئەو کەسانەی زۆر لاوازن لەڕووی داراییەوە دەستنیشان کراون و بە فەرمی خراونەتە ناو بەرنامەکانی حکومەت. عێراقیەکان زۆربەی جار هەمان بڕە پارەیەیان وەرگرتووە بە یەکسانی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە زیانیان پێگەیشتووە. لەو کاتەی هاوکاری مرۆیی سنورداره، پێویست بوو کە بە ئاگاییەوە ڕوونکردنەوە بدرێت بۆ چۆنیەتی بە ئامانجگرتنی کارەکان، وبۆچیش پێویستە.

کاتێك پارەی کاش وەك هەڵبژاردەیەکە بۆ ژیان، زۆربەی جاریەکێکە لە باشترین ڕێگاکان بۆ هاوکاری کردنی خەڵکانی لاواز لە ڕووی داراییەوە. سوودمەندبووان پارەی کاشی گواستراوە وەردەگرن لە ڕێگەی مۆبایلەکانیانەوە، کە بەکاری دەهێنن لە بازاڕێکی ناوخۆیی کە بەشداریان کردووە لە بەرنامەکە بۆ ڕاکێشانی پارەی کاش. ئەو ڕێگایانەی گواستنەوەی پارەی کاش-پارە لە ڕێ ی مۆبایل – کە ئەویش دەکرێت بەدواداچوون و پشتڕاستکردنەوەی بۆ بکرێت کە کەسی شایستە پارەی کاشی وەرگرتووە. ئەم نزیکبوونەوەیە، تاقی کرایەوە لە پایزی ڕابردوودا، کە یەکەم جارە پارەی کاش لە ڕێگەی مۆبایلەوە بەکاربهێندرێت لە ناو عێراق.

# سندوقی مرۆیی بۆ عێراق تەرخانکردنی تازە ئامادە دەکات

لە پێشبینی کردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی لە حەوێجە، سندوقی مرۆیی عێراق، بە هاوکاری لەگەڵ گروپەکان، ئامادەکاری دەکات بۆ تەرخانکردنی تازە. سندوقەکە یارمەتی هاوکاران دەدات تاکو ئۆپەراسیۆنە تەنگەتاویەکانیان زیاد بکەن لە بەهاناوەچوونی شەپۆلێکی تازەی پێشبینی کراوی ئاوارەبوون.

لەو کاتەدا، تیمی سندوقی مرۆیی بۆ عێراق هەڵساوە بە هەوڵەکانی چاودێریکردنی بە ئامانجکراو و هەڵسەنگاندن لەسەر پرۆژەکانی پێشووتر. چالاکیەکانی چاودێری کردن پێك دێن لە ژمارەیەك لە ڕاوێژەکان لەگەڵ سەردانی مەیدانی هاوکاران، جەختکردنەوە لەسەر چاوپێکەوتنەکانی گروپ، پشکنینەکانی دارایی و چاودێری کردنی لایەنی سێیەم لە دوورەوە و ئەو ناوچانەی کە مەترسی زۆریان هەیە. ئەو هاوکارانەی کە پرۆژەکانیان چاودێری کراون ڕاسپاردەکان وەردەگرن لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژە، هەماهەنگی فرە ئاژانس و بەرنامەدانانی داهاتوو.

چاودێری کردن زۆر پێویستە بۆ دڵنیابوون لە لێپرسینەوەی پاڵپشتیە داراییەکان و گرتنە خۆی گشتگیر.

# پرۆژەکان دادەخرێن بەهۆی کەمبوونەوەی پاڵپشتی کردنی دارایی

پاڵپشتی کردنی دارایی بۆ عێراق لە ئاستێکی کەم دەمێنێتەوە. پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ ساڵی ٢٠١٧ تەنها ٥٦ لەسەدای پاڵپشتی دارایی کراوە هەروەك لە ڕۆژی ١٥ی ئەیلول کە ئەمەش کورتهێنانێك بە بڕی ٤٣٥$ ملیۆن دۆلار بەجێدەهێڵێت. پاڵپشتی کردنی دارایی زیاتر بەپەلە پێویستە بۆ ڕێگری کردن لە بڕینی زیاتری بەرنامەکانی ڕزگارکردنی ژیان.

لەو ٣٣٤ پرۆژانەی ناو پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی، ١٥٢ پرۆژە دەستیان پێنەکردووە بەهۆی کەمی لە پاڵپشتی کردنی دارایی. ١٠٩ پرۆژەی تر ئەوانیش مەترسی داخستنیان لێدەکرێت یان کەمکردنەوەیەکی زۆریان لەسەرە. ئەو گروپانەی کە بە خراپترین شێوە بەردەکەون بریتین لە گروپەکانی ئاسایشی خۆراك وپەروەردە. ئەم خشتەیەی خوارەوە بارودۆخی ئێستای بەرنامەکان نیشان دەدات: پرۆژەکان لە هێڵی سور هیچ پاڵپشتیەکی داراییان وەرنەگرتووە یان داخراون؛ ئەوانەی هێڵی زەرد مەترسی داخستنیان لێدەکرێت؛ وپرۆژەکانی هێڵی سەوز نزیکن یان بەتەواوی پاڵپشتی دارایی کراون.

PROJECT STATUS BY CLUSTER




بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن بە:
**سوزان لێ ڕۆکس**، جێگری سەرۆکی نووسینگە، لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵە، leroux@un.org
**کەیت پۆند**، بەرپرسی زانیاری گشتی وڕاپۆرتکردن، لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵە، pond@un.org یان لە ڕێگەی ئەم ژمارە مۆبایلە، (+964) 0782 780 6086

OCHA humanitarian bulletins are available at www.unocha.org/iraq | www.unocha.org | www.reliefweb.int